لاوانــەوە

ئەمشەو ... چەندە غەریب و تەنیام

بگرە ئیرەیی بە گەڵای مردووش دەبەم ..

هیچ نەبێ تاوە بایەك ..

سووك و نەرم دەیخاتە سەر لەپی و

رووە و ئاسمان .. بەرز و بەرزتر .. هەڵیدەگرێ ..!

ئەمشەو ... تەنیام و دەخیلی چوار دیواری

ژوورێکی تاریك و ڕووتم

ئەمشەو .. بە ملیۆنەها لە باوەشی یەکتریدا دەتوێنەوە

منیش هەر خۆم تەنیا ..

تەنها لەگەڵ خۆمدا جووتم ..!

ئەمشەو .. تۆ دووریت و ..

کەسێك نایە هەناسەی ساردم هەڵمژێ ..

ئاسمانیش چون دیدەی من ئاسا

چون گۆزەی سەربەرەوخوار ..

بارانی قەهرێك دەڕێژێ

تۆ دووریت و .. کەسێك سینەی راناخا و..

منی ماندوو بلاوێنێ

ئەمشەو بێ تۆ .. منی عاشق و تەنیا ..

شیعرێکی چاوڕەش دەنووسم

دەبم بە مانگی هەڵەتە و

سەر بە هەموو کوچە و کۆڵان و حەوشێکدا دادەگرم

لە هەموو رووبار و درەخت و ئەشکەوتێك دەپرسم

لە تۆ دەپرسم ..!

ئەمشەو بە تەنیا ..

خۆم و مۆم و ئاهێکی سیا..!

***

منی بێ تۆ ..

ئێوارانی تاریك و سارد و ماتم بیردێنەوە

ئەو ئێوارانەی لە ناوەختا پیرەژنێك دەمرد

تێکڕای گەڕەك پرسەی بۆ دەگرت

نە دایە و.. نە بابە لە ماڵا نەدەمان

من و ژوورێکی تەنیا.

بێ ئۆقرە و ترسێکی بەجێماو

چرایەکیش کز دەسووتا و شەوقی زەردی ..

هەزار و یەك تارمایی دەهێنایە نێو حەوشە و

بەر پەنجەرەی شکاو

هەڵئەلەرزیم و ..تەرمی پیرەژنێکی ناشیرین

ددان گڕ و .. قژ بژ و ئاڵۆزکاو

دوو مەمکی سیس و رەش داگەڕاو

دەهاتنە بەر دیدەی خەیاڵم ..

وەك دوو شەمشەمەكوێرە ..

بەسەر سنگیا شۆڕ دەبوونەوە ..

سەربەرەوخوار..!

***

ئەمشەو .. من بێ تۆ هەناسەم سوارە

ئەمشەو .. من چاڵی ژانێكی قووڵم

تۆش بەفری خەمێكی سپیت..

نەرم نەرم دەباریت ..

تا بەیانی دەدا .. من بە تۆ پڕ بوومەتەوە

هاوین دێ و بەفری سەر هەموو لووتكەكانیش دەتوێنەوە

وەلێ بەفری خەمی تۆ ..

لە عومری چاڵا .. لە چاڵی عومرما ..

هەر دەمێنێ و نابڕێتەوە ..!

***

ئەمشەو .. سەرقافڵەچی كاروانێكی وێڵم بێ تۆ

مانگ و ئەستێرەكانیش ..

وەك چرای درەنگی شەوی ماڵە هەژارەكان كوژاونەتەوە

بیابانە .. لەبری جریوەی ئەستێرە ..

تاریكی و خۆڵا بارانە

تا بەیانی دەدا و .. تۆ دێیتەوە ..

من تا ناوقەدم لە لم چەقیوە

ئەمشەو بێ تۆ .. بە چاوی تۆ ..

هەزار و یەك جار مەرگی خۆم دیوە ..!

***

بۆ ئۆغر دەکەی ..؟

کە تۆ دەرگای شەق و پەقی ژوورەکەم .. لەسەر دادەخەی

خەم وەك قەلەڕەشێکی شووم ..

لە پەنجەرەی بێ شووشەی ژوورەکەمەوە دێتە ژوورێ و ..

تا خۆر هەڵدێ و تۆ دێیتەوە ..

لە هێلانەی دڵما .. جێی بۆ خۆش دەکەم و دەیحەوێنمەوە

ئەمیش تا بەیانی ..

بە ئاوازێکی قورس و شەیتانی .. بۆم دەخوێنێ ..!

***

ئەمشەو چەند تەنیا باڵم ..

سیس و ژاکاو ..

هەروەك گوڵەباخێك لە خاکێکی زڕدا رواو

وەك شاعیرێك شپرزە و شێواو

پەری شیعری لێ تۆرابێ

هەروەك گاسن ..

رەقەنی خاکی خەمێك هەڵئەدڕم

هەروەك تاوێرە بەردێك

رووە و قووڵایی خەرەندێك سەر هەڵبگرێ ..

ئاوا بەگوڕ دەگرمێنم

سلێمانی / 1985